# ئایدۆلۆژیای دۆڕاوو هەڵچونی ناعەقلانی
# وەڵامێك بۆ (محەمەد هەریری)

هیوا عومەر

هەمووان دەزانین لەپاش ڕووداوە گرنگەکانی جیهانیی وناوچەیی، گرووپە ئیسلامییەکان پاشکەوتنێکی سیاسی وکۆمەلأیەتیان بەخۆیانەوەدی، هەروەها ئەوزەمینەتازەیکەگەمەسیاسیەکانی لەسەر دەکرێت، ئیسلامی سیاسی تێیدا جیّی تەسك دەبێتەوە. لەبەرئەوەنیەکەئەوزەمینەیە دیموکراسی نییە، بەڵکولەبەرئەوەی ئەوان دیموکراسی کاڵ و کرچی کردنەوە، لێرەدا مەبەستمە هەم ڕونکردنەوەیەك وهەم ڕێنوێنیەکی فیکری ئەو برادەرە بکەم، کەهەموو چەکە فیکریەکانی هێناوەتەسەر پەلامارێکی کەسێتی کاك (مەلا بەختیار) . هەموان دەزانین شکستی ئیسلامیەکان تاوانی کاك ( بەختیار) وباقی ڕۆشنبیرە هاوچەرخەکان نی یە، بەڵکو خودی ئەوپەیامەیە کەناتوانێت لەگەڵ سەدە تاوەکاندا بێتە پێشەوە. ئیدی لەبری هەموو زیادکردنێك دێن بەشێوەی کاك"هەریری" قەڵەم وسیاسەت دەخەنە خزمەت تەشهیرو تەکفیری خەڵکی جدی و خەمخۆرەوە. بەم پێیەکاك "محەمەدهەریری" خۆی بەکەسێکی میانڕەوو لێبوردە دەزانێت، بەلأم لەنوسینە کەیدا سوکایەتی بەزاراوەی دیموکراسی و سیستەمەکەی دەکات. جگەلەوەی هەروەکو توندڕەوێك پەلاماری بەرامبەرەکەی دەدا.

ئەمن لێرەوە بەو برادەرەو بەخوێنەرانی ئازیزدەڵێم کەهیچ کام لەگروپەعەلمانیەکان خۆیان بەخاوەنی دیموکراسی نازانن، بەڵکو باوەڕیان بەدیموکراسی هەیە. بەلأم کاك "محەمەد" وئایدۆلوژیاو بەرنامەکەی نەك تەنها باوەڕی بەدیموکراسی نی یە، بەڵکە ڕاستەوخۆ دژایەتی دەکات، هەموشمان دەزانین دیموکراسی لەماڵی هیچ یەکێك لەئێمەوە لەدایك نەبووە، بەڵکو دەستەواژەو چەمکێکی ڕۆژاواییەو لەئەنجامی کۆمەڵێك قۆناغی فیکری وسیاسی ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە، ئەگەریش کاك "محەمەد"و هاوبیرانی پێیان وابێت ئیسلام و ئایدۆلۆژیای ئایینی، دیموکراسی تێدایە، ئەی بۆ بیست ساڵ پێش ئێستە باسی دیموکراسی و مافی مرۆڤیان نەکرد، خۆ زیاترلە (١٤٢٠) ساڵەخاوەنی ئەوپەیامەن ورۆژێك باسی ئەو چەمکانەیان نەکرد. ئەمە لەکاتێکدا دیموکراسی وەکو چەمك و ئەزمون سەدان ساڵ پێش زایین و پێش ئیسلام لەئارادا بووە.

ڕویەکی تریقسەکانیئەوبرائایدۆلۆژییە بێزانیارییە ئەوەیە قسەکانی کاك (بەختیار) بەدرۆدەخاتەوە لەمەڕ (یەکگرتوو) و (ئەلقاعیدە) بەلأم بیّ ئاگایە لەوەی کەئەگەر ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە) خاوەنی تیرۆر کردنی جەستەی مرۆڤ ودروستکردنی T. N. T ومادده زیانبە خشەکان بێت، ئەوا یەکگرتوو خەریکی تیرۆرکردنیعەقڵینەوجەوانانوبەکارهێنانیچەکەدەرونییەکەیەتی کەهەمیشە لەگەڵ نەیارانی وئەوانەی لەوان نین بەکاری هێناوە. کە ئەمەش چەکێکی کوشندەیە بۆ سەرکوێرکردنی ئەقڵ و دژایەتیکردنی ئازادی ئەقڵ. دواتر کاك هەریری پیّ یوایە (بچوکترین پرنسیپی دیموکراسی داننانە بەبەرامبەردا) بەلأم دەڵێت قسەکانی کاك (بەختیار) لەدەبەنگەکەی کۆشکی سپی دەچێت، نازانم ئەمەلای کاك محەمەد داننانە بەبەرامبەردا یاخوددژایەتیڕاستەوخۆی خودیدیموکراسییە، دواجار کێشەکە لێرەدائەوەنییەکەئەم بەڕێزەو کۆمەڵێك خەڵکی بیّ زانیاری قسـە لەمەسـەلەفیکری وسیاسیەکان دەکەن، بەڵکوکێشەکەئەوەیەگوتارو ستراتیژێك پەیڕەوی لەم بۆچونانەبکات. دواتربا ئەم خالأنەی خوارەوەوەکو پرسیار ڕووبەڕوی ئەو برادەرە بکەینەوە بزانین تاچەند لەئاست ویژدان وبیرکردنەوەی خۆی دا هەڵوێستە دەکات،

١-ئایا کاك (محەمەد هەریری) بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە ڕەخنەی بیّ بنەمادەگرێت، یاخود بەناوی خوازراوەوە دەیەوێت دوور لەپێوەرەکانی نوسین وبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەنوسین، تەشهیروتەهدیدی خەڵکی بەرپرسیارو ماندوودەکات.

٢-ئایا کاك "هەریری "ئەگەر کەسێکی تاسەرئێسك ئایدۆلۆژی نیە. ؟

بۆهەمووبەرگریوقسەکردنەکانی لەخزمەت یەکگرتودایە، ئەگەریش کەسێکی سیاسـی نەبێت وسەر بەگروپێکی ئیسلامی نەبێت، بەو زمانە کۆن وبازاڕییە قسەناکات، بەلأم بالێرەوەبەکاك هەریروخوێنەران بڵێم کەئەو خۆی شانازی بەبەرنامەوڕێڕەوی یەکگرتووناکات. ئەگین هەرلەسەرەتاوە خۆی لەوە نەئەدزییەوە کەگوایا ئەو کەسێکی سەربەخۆو میانڕەوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا

www.kurdistannet.org

بەڵگەیە كە بەرنامەی یەكگرتوو و لە كۆڕی دیموكراسیدا مایەی شانازی نییە. بۆیە (هەریری) خۆی یەكگرتووە، بەڵام خۆیشی نەبان ئەكا لە یەكگرتوو!!

٣-با كاك "هەریر "ئەرك نەكێشێت قسەلەدیموكراسی بكات، چونكە وەزیفەو كاری ئەو ئەوەنییەمانا بۆدیموكراسی دابتاشێت. بەڵكو ئەگەرڕێگایان پێدا لەسیستمی دیموكراسی دائەوابەوشێوەیە كەقسەی كردووە، سیاسەتی خۆی بكات.

٤- ئەگەر ئەو برادەرە لەدەرەوە یاخود لەناوەوەی هەرێمە، بەهەڵە لەمەسەلە سیاسی و فیكریەكان تێگەیشتووە، تەنها ئاگای لەبوونی حیزبەكانە، ، ئاگای لەمێژوی شۆڕش و كاركردنی حیزبەكان نیە، ئەگەرنا نەدەهات لەخۆڕا ژمارەی بێ بنەمای ڕۆشنبیری وزانستی لێ بدات؛ لەكۆتایدا دەمەوێت بڵێم: ئەو ووتارە ڕەخنەییەی كاك بەختیار كەزیاتر لە (٢٥) لاپەڕە دەبێت، جەنابت ناتوانیت بەهەندێ قسەی سەرجادەو نامەنتیق ڕەخنەت لێ ی هەبێت. بەڵكوئەو ووتارە تەنها وەڵامی ستونێكی ئایدۆلۆژیاكەی ئێوەیە. ئاخۆهەمووسیاسەت وبەرنامەكەتان چەندكتێب ڕەخنەهەڵبگرێت؟ بێگومان ئایندەی گۆڕانكاری و پێشكەوتنی دیموكراسی زۆری نەماوە وەڵامی دواپرسیارەكان لەسەر یەكگرتوو، هەروا، لەسەر سەرتاپای بەرنامەی ئیسلامی سیاسی بداتەوە.

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣